# زیکرەکانم

ئامادەکردنی

دەستەی ئەندامانی ڕۆشنایی قورئان

ڕۆشنایی قورئان

زیکرکانم

# زیکرەکانم

ئامادەکردنی: دەستەی ئەندامانی ڕۆشنایی قورئان
دیزاینی ناوەوە و خەتی بەرگ: أحمد ئارامی
چاپی یەکەم: ١٤٤٣ك - ٢٠٢٢ز
٥٤ لاپەڕە
١٧ × ٢٤ سم
بابەت: ئایینی

لە بەرهەمەکانی پڕۆژەی ڕۆشنایی قورئان

ڕۆشنایی قورئان

# زیکرەکانم

ئامادەکردنی

دەستەی ئەندامانی ڕۆشنایی قورئان

بسم الله الرحمن الرحيم

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ١٠٢﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ١﴾ النساء: ١

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ٧٠ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ٧١﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أما بعد:

فإن أصدق الحديث كتاب الله، وأحسن الهدي هدي محمد صلى الله عليه وسلم، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

بەناوی دەستەی «ڕۆشنایی قورئان» خۆمان بەخۆشحاڵ دەزانین کە ئەم جارەش بە پرۆژەی نوێوە بە خزمەتتان گەیشتینەوە، پرۆژەی ئەمجارەمان پێکهاتووە لە ژمارەیک زیکری جۆراوجۆر کە لە فەرمایشتە سەحیحەکانی پێغەمبەرە ﷺ هاتووە و، پێغەمبەرمان ﷺ بەم نزایانە دوعای کردوە و داواشی کردووە موسڵمانان بەم زیکرانە بپاڕێنەوە لە خوای میهرەبان کە بۆ هەر یەکێکیان کۆمەڵێک پاڕاشت و، خێری نەبڕاوە بە خوێنەرەکەی دەگات.

ئێمەش هەستاین بە ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە خنجیلانەیە، بۆ ئەوەی لەم خێر و پاداشتە بێبەش نەبین و ڕۆژەکانی ژیانمان بەم زیکرانە بڕازێنینەوە.

خودا لە ئێمە و ئێوەش قبوڵ بکات، لە کەموکورتیمان ببورن.

دەستەی ئەندامانی ڕۆشنایی قورئان

## (فەزڵ و گەورەیی زیکر)

خودای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِي وَلَا تَكۡفُرُونِ ١٥٢﴾ البقرة: ١٥٢

(یادم بکەن (بە گوێڕایەڵی کردنتان بۆم) یادتان دەکەم، (بە لێخۆش بوونم بۆتان) هەروەها سوپاس گوزاریم بکەن و سوپاس نا گوزێر و سپڵە مەبن.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكۡرٗا كَثِيرٗا ٤١﴾ الأحزاب: ٤١

ئەی ئەو کەسانەی، کە باوەڕتان هێناوە یاد و زیکری خودا بکەن، بە یاد و زیکرێکی زۆر.

﴿وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغۡفِرَةٗ وَأَجۡرًا عَظِيمٗا ٣٥﴾ الأحزاب: ٣٥

ئەو پیاو و ژنانەی، کە زۆر یاد و زیکری خودا دەکەن، ئەوە خودای پەروەردگار پاداشتێکی زۆر مەزن و گەورەی بۆ ئامادە کردوون.

﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ٢٠٥﴾ الأعراف: ٢٠٥

یاد و زیکری خودا بکە بە ترس و نهێنی و لەسەر خۆییەوە لە هەموو بەرە بەیان و دەمە و ئێوارانێکدا، هەرگیزیش لە بێ ئاگایان مەبە .

## سەروەر و نوری چاومان ﷺ دەبارەی دوعا و پاڕانەوە دەفەرمووێت

((مَنْ لَمْ يَدْعُ اللهَ سُبْحَانَهُ غَضِبَ عَلَيْهِ)).

هەر کەسێك داوا لە خوای پاك و بێگەرد نەکات و لێی نەپاڕێتەوە خوا لێی تووڕە دەبێ.

((إنَّ الدُّعَاءَ هُوَ العِبَادَةُ)).

پاڕانەوە خودی خوا پەرستییە.

خودای بەرز و بڵند دەفەرمووێت: من لەگەڵ گومانی بەندەکەمم بەمن، هەروەها من لەگەڵیدام کاتێک کە یاد و زیکرم بکات، خۆ ئەگەر یادم بکات لە نەفسیدا، لە بەرامبەردا منیش لە نەفسمدا یادی دەکەم، خۆ ئەگەر یادم بکات لە لای کۆمەڵە خەڵکانێک، ئەوە یادی دەکەم لە لای کۆمەڵێک لە مەلائیکەتەکان کە باشترن لەوانەی کە ئەو یادی منی لە لایان کردووە، خۆ ئەگەر بە ئەندازەی بستێک لێم نزیک ببێتەوە (بە گوێڕایەڵی کردنی بۆم) ئەوە منیش بە ئەندازەی گەزێک لێی نزیک دەبمەوە (بە ڕەحمەت و گەورەیی و بەخشینەکانم)، خۆ ئەگەر بە ئەندازەی گەزێک لێم نزیک ببێتەوە، ئەوە منیش بە ئەندازەی باڵێک لێی نزیک دەبمەوە، خۆ ئەگەر بەشێوەی ڕۆیشتن بێت بۆلام، ئەوە بەشێوەی هەروەلە و پەلە دەڕۆم بۆلای (بەو جۆرەی بۆخوای پەروەردگار لایەقە).

١

## خۆشەویسترین دوو وشە لای خودای گەورە

سبحان الله بحمده

پاک و بێگەردی و ستایش بۆ خودایە

سبحان الله العظيم

پاک و بێگەردی بۆ خودای گەورە

٢

## تەنها پشت بە خوا ببەستە

((حَسْبِيَ الله وَنِعْم اَلوَكِيْل)).

خودامان بە سە کە یاریدەدەر و یارمەتیدەرێکی چاکە.

((حَسْبِيَ اللَّهُ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيم)).

خودام بەسە لە هەموو کار و بارێکمدا و هیچ پەرستراوێکیش نییە،

کە شایستەی پەرستن بێت جگە لەو نەبێنت و، پشت و تەوەککولم بەو بەستووە،

ئەوە پەروەردگاری عەرشە گەورەکەی خۆی.

٣

## خودایە دەستم لێ بەرمەدە

((اللَّهُمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو، فَلاَ تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ، وَأَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ)) .

خودایە ئومێدم بە ڕەحم و بەزەیی تۆ هەیە و، بە ئەندازەی چاو تروکاندنێکیش خۆم نەدەیتە دەستی خۆم و کار و باریشم بە چاکە بگێڕە، هیچ پەرستراوێک نییە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە تۆ.

٤

## تاکە هێز و فەرماندەرێک خودایە

((لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلا بِاللَّه)).

هیچ هەوڵ و هێزێک نییە، جگە لەوە نەبێت، کە لە لایەن خوداوەیە.

((لاحَولَ وَلَا قُوّةَ إلَّا بِاللهِ العَلِي العَظِيم)).

هیچ هەوڵ و هێزێک نییە جگە لە هێز و توانای خودای گەورە و بەرز.

## ٥

## نزای هەموو بەیانییەک

((سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، عَدَدَ خَلْقِهِ، وَرِضَا نَفْسِهِ، وَزِنَةَ عَرْشِهِ، وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ)).

پاکی و بێگەردی و ستایش بۆ خودایە، بە ئەندازەی ژمارەی دروستکراوەکانی و ڕازیبوونی و قورسایی عەرشەکەی و زۆری وشەکانی.

٦

## تەنیا خودای گەورە شایەنی پەرستنە

((لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ،

وَهْوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ )).

هیچ پەرستراوێک نییە کە شایستەی پەرستن بێت

جگە لە ( الله)ی تاکی بێ هاوەڵ نەبێت، موڵک و سامانەکان و ستایش بۆ ئەوە،

ئەویشە کە بە توانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

## ٧

**پێغەمبەرمان ﷺ لە دوای هەموو تەحیات خوێندنێک لە نوێژدا ئەم زیکرەی دەخوێند**

((اللَّهُمَّ رَبَّنَا! آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ)).

ئەی خوایە، پەروەردگارمان! لە دونیادا چاكە و لە دوارۆژیشدا چاكەمان بدەیەوە و لە سزا و ئازاری ئاگر بمانپارێزە.

## ٨

## کلیلی دەرگا داخراوەکان

((أَسْتَغْفِرُ اللهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ))

خوایە گیان داوای لێبووردنت لێ دەکەم و

هەربۆلای تۆ دەگەڕێمەوە

٩

## ڕازیم خودا پەروەردگارم بێت

((رَضيــتُ بِاللهِ رَبّـاً وَبِالإسْلامِ ديـناً

وَبِمُحَـمَّدٍ صلى الله عليه وسلم نَبِيّـاً)).

ڕازیم الله پەروەردگارم بێت، ئیسلام دینم بێت

محمدیش ﷺ پێغەمبەرم بێت.

## ١٠

## نزای عاقیبەت خێری

((اللَّهُمَّ اجْعَلْ خَيرَ عُمْرِي آخِرَهُ وَخَيرَ عَمَلِي خَوَاتِمَهُ
وَخَيرَ أَيَّامِي يَوْمَ أَلْقَاكَ فِيهِ)).

خودایە کۆتایی تەمەنم بە خێر بگێڕە، وە چاکترین کارم کاری کۆتایی تەمەنم بێت،
وە چاکترین ڕۆژانی ژیانم ئەو ڕۆژە بێت کە دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ.

((اللهمَّ إنيّ أسألُكَ حُسنَ الخاتمة)).

خودایە داوای عاقیبەت خێریت لێدەکەم

((اللهمَّ ارزُقني تَوبَةً نَصوحةً قَبلَ الموت)).

خودایە تەوبەیە و گەڕانەوەیەکی ڕاستگۆیانەم پێ ببەخشە پێش مردنم.

١١

## گەورەیی پەروەردگار

((أَسْتَغْفِرُ ٱللَّهَ ٱلْعَظِيمْ الَّذِى لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ ٱلْحَيُّ ٱلْقَيُّومْ وَأَتُوبُ إِلَيهِ)).

داوای لێخۆشبوون لە خودای گەورە دەکەم، ئەوەی کە

هیچ پەرستراوێک نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لەوەی کە بەردەوام زیندوە و، بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە.

# ١٢

## خوایە پارێزراومان بکە

((اللّهُمَّ عافِني في بَدَني، اللّهُمَّ عافِني في سَمْعي، اللّهُمَّ عافِني في بَصَري، لا إلهَ إلاّ أَنْتَ)).

خوایە جەستە و بیستن و بینینم پارێزراو بکە،
هیچ پەرستراوێک نییە بە هەق جگە لە تۆ.

١٣

## داوای لێخۆشبوون لە گوناهی نهێنی و ئاشکرامان

((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي كُلَّهُ، دِقَّهُ وَجِلَّهُ، وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ وَعَلانِيَتَهُ وَسِرَّهُ)).

خودایە لە هەموو تاوانەکانم خۆش ببە، کەم و زۆری سەرەتا و کۆتایی و ئاشکرا و نهێنیەکانی.

**١٤**

## دوعای خۆ پارێزی لە نەخۆشی

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبَرَصِ،

وَالْجُنُونِ، وَالْجُذَامِ، وَمِنْ سَيِّئِ الأَسْقَامِ)).

خوایە من پەنات پێدەگرم لە بەڵەکی و شێتی و گەڕی،

وە لە خراپترینی دەرد و نەخۆشییەکان

۱٥

## بۆ ئاشتەوایی نێوان موسڵمانان

((اللَّهُمَّ أَلِّفْ بَيْنَ قُلُوبِنَا، وَأَصْلِحْ ذَاتَ بَيْنِنَا)).

خوایە ئاشنایی بخەرە نێوان دڵەکانمانەوە و، نێوانمانیش چاك بكە.

١٦

## نزای دڵتەنگی و خەم و خەفەت

((اللَّهُمَّ إِنيِّ أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ، وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلِ،

وَالْبُخْلِ وَالْجُبْنِ، وَضَلَعِ الدَّيْنِ وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ)) .

خودایە من پەنات پێدەگرم لە خەم و پەژارە و، بێتاقەتی و،

بێ توانایی و، تەمبەڵی و، ڕەزیلی و، ترسنۆکی و، زۆری قەرزداری و،

زاڵبون و دەسەڵاتی کەسانی نەزان و نەفام لەفیتنەدا.

## ١٧

**پێغەمبەر لەکاتی غەم و ناخۆشیدا دەیفەرموو:**

((لاَ إِلهَ إِلاَّ اللهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ، لاَ إِلهَ إِلاَّ اللهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمُ،
لاَ إِلهَ إِلاَّ اللهُ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَرَبُّ الأَرْضِ
وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمُ)).

هیچ پەرستراوێک نییە کە شایستەی پەرستن بێت
جگە لە (الله)ی گەورەی حەلیم نەبێت، هیچ پەرستراوێک نییە،
کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە (الله)ی گەورەی پەروەردگـاری عەرش نەبێت، هیچ پەرستراوێک نییە کە شایستەی پەرستن بێت، جگە لە (الله)ی بەڕێزی پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و عەرش نەبێت.

## ١٨

## پێغەمبەرمان کاتێک کارێکی لەسەر گران و قورس دەبوو دەیفەرموو

((اللَّهُمَّ لَا سَهْلَ إلاَّ مَا جَعَلْتَهُ سَهْلاً،

وأنْتَ تَجْعَلُ الحَزْنَ إذَا شِئْتَ سَهْلاً)).

خوایە هیچ شتێک ئاسان نییە ئیلا ئەوە نەبێت کە تۆ ئاسانی دەکەی،

ئەگەر ویستت لەسەربێت هەموو شتێکی قورس ئاسان دەکەی.

١٩

## بۆ دڵ چەسپاوی لە دیندا

((اللهمَّ يا مُقَلِّبَ القُلوب ثَبِّت قَلبي على دِينِك)).

خودایە ئەی وەرگێڕی دڵەکان، دڵم لەسەردینەکەت جێگیر بکە.

## ٢٠

### بەکەم سەیرکردنی دونیا

((اللهُّم لا تجعل الدُنيا أكبر همنا ولا مَبلغ علمنا ولا إلى النار مصيرنا،

وأجعل الجنّة هي دارنا وقرارنا))

خوایە دونیا نەکەیتە گەورەترین خەم و ئامانجمان،

وە وامان لێ نەکەیت لوتکەی زانیارییەکانمان تەنیا لە چوارچێوەی دونیا بێت،

وە چارەنووسمان بۆ ئاگر نەبێ،

خوایە بەهەشت بکە ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بوونمان.

## ٢١

## گەورەی دوعا و پاڕانەوە

((اللَّهمَّ إنيِّ أسألُكَ يا اللَّهُ بأنَّكَ الواحدُ الأحدُ الصَّمدُ،

الَّذي لم يَلِدْ ولم يولَدْ ولم يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ، أن تغفِرَ لي ذُنوبي،

إنَّكَ أنتَ الغَفورُ الرَّحيمُ)).

خوایە پاکیی و بێگەردی و ستایش هەر بۆ تۆیە، وە ناوت پیرۆز و بە پێزە و،

بەرز و بڵندی خاوەن هەموو شتێکی، وە هیچ پەرستراوێک نیە جگە لە تۆ.

هەرکەس بیخوێنێ داوای هەرچی بکات خودا دەیداتێ

((سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، وَتَبَارَكَ اسْمُكَ، وَتَعَالَى جَدُّكَ، وَلاَ إِلَهَ غَيْرُكَ)).

خوایە پاکی و بێگەردی و ستایش بۆ تۆیە، وە ناوی تۆ پیرۆز بێت و فەڕ و بەرەکەتی زۆر بێت، گەورەیی و دەسەڵاتت بڵند بێت، هیچ پەرستراوێک نییە بە حەق جگە لە تۆ.

## ٢٢

### بۆ ئیمان پاكی و سەلامەتی

((اللهمَّ طَهِّر قلبي منَ الشُّبُهات والشَّهوات)).

خوایە دڵم پاك بكەیتەوە لە گومانی خراپ و ئارەزووی حەڕام.

## ٢٣

### پێغەمبەرمان ﷺ لە دوای هەموو نوێژێک
### ئەم دوعایەی بۆ ئومەتەکەی دەکرد

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَغْفِرُكَ لِمَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ، وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ،

إِنَّكَ أَنْتَ الْمُقَدِّمُ، وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ، وَأَنْتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)).

خوایە من داوای لێبوردنت لێدەکەم لەو تاوانانەی پێشم خستووە،

وە ئەوانەی دواتر کردوومە، ئەوەی بە نهێنی کردوومە،

ئەوەی بە ئاشکرا کردوومە، تۆ سەرەتاو کۆتایی،

وە تۆ توانات بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

٢٤

## کاتێک تاوانێکت ئەنجامدا

((اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْماً كَثِيراً، وَلاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ،
فَاغْفِرْ لِي مِنْ عِنْدِكَ مَغْفِرَةً، إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ)).

خوایە من ستەمێکی زۆرم لە خۆم کردوە،

وە هیچ کەسیش نییە لە گوناهان ببورێ جگە لە تۆ،

بە لێخۆشبوونێکی تایبەت لەلایەن خۆتەوە لێم خۆشبە،

چونکە بە دڵنیایی تۆ لێبوردە و میهرەبانی.

# ٢٥

## بۆ قەناعەت بوون بەو بەشەی خوا پێی داوی

((اللَّهُمَّ اكْفِنِي بِحَلالِك عَنْ حَرَامِك، وأَغْنِني بِفَضْلِكَ عَمَّنْ سِوَاكَ)).

خودایە بە حەڵاڵی خۆت چاوتێرم بکە و بێ نیازم بکە لە حەڕامت

تا مەجبوری نەبم و بەفەزڵی خۆت دەوڵەمەند و بێ نیازم بکە لە غەیری خۆت،

بە جۆرێک کە چاوم لە دەستی کەس نەبێ و پێویستیم بە کەس نەبێت

و داوا لە کەس نەکەم.

# ٢٦

## کاتێک خوتورەی بێباوەڕی بەدڵتدادێت بڵێ

((اللهُ اللهُ رَبِّي لاَ أُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا)).

خودا، خودا پەروەردگارمە و هیچ شەریک و هاوەڵێکیشی بۆ بڕیار نادەم.

٢٧

**ئەم دوعایە هەرکەسێک سێجار بیخوێنێت**
**بەهەشت داوا لەخوادەکات کە بیخاتە ناوی**

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ)) .

خودایە داوای بەدەست هێنانی بەهەشتت لیٚ دەکەم و، پەنات پێدەگرم لە ئاگری دۆزەخ.

# ٢٨

## زۆرترین زیکرێک کە پێغەمبەرمان دەیخوێند

((اللَّهُمَّ إِنَّكَ عُفُوٌّ كَرِيمٌ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّا)).

خوایە تۆ بەخشندە و لێبوردەی لێبوردەیت خۆشدەوێت لێمان خۆشبە.

## ٢٩

### هەرکەسێک بیخوێنێ بەهەشتی بۆ مسۆگەرە

((اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلهَ إِلاَّ أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي فَإِنَّهُ لا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلا أَنْتَ)).

خودایە تۆ پەروەردگارمی هیچ پەرستراوێک نییە بەهەق جگە لە تۆ، بەدیت هێناوم و من بەندەی تۆم و من لەسەر پەیمان و بەڵێنەکەمم کە بەتۆم داوە تا بتوانم، پەنات پێ دەگرم لە خراپەی ئەوەی ئەنجامم داوە لە گوناھ، دان دەنێم بە نیعمەتەکانتدا لەسەرم و دان دەنێم بە گوناھەکانمدا، سا خوایە گیان لێم خۆش بە، بە ڕاستی کەس لە گوناھـ خۆشنابێت جگە لە تۆ.

۳۰

## پەنا دەگرم بە خودا لە نەمانی نیعمەتەکانی لەسەرم

((اللَّهُمَّ إنِّي أَعُوذُ بكَ مِن زَوَالِ نِعْمَتِكَ، وَتَحَوُّلِ عَافِيَتِكَ، وَفُجَاءَةِ نِقْمَتِكَ، وَجَمِيعِ سَخَطِكَ)).

خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لە نەمانی ناز و نیعمەتت لە سەرم،

پەنات پێ دەگرم لە گۆڕانی خۆشی و نیعمەتەکانت بە ناخۆشی،

پەنات پێ دەگرم لە سزای لە ناکا و کتوپڕت،

پەنات پێ دەگرم لە تەواوی ڕق و تووڕەیت.

٣١

## پەناگرتن بە خودا لە بەڵا و موسیبەت

((اللَّهُمَّ إنَّا نَعُوذُ بِكَ مِن جَهْدِ البَلاءِ، وَدَرَكِ الشَّقاءِ،

وَسُوءِ القضاءِ، وَشماتَةِ الأعداءِ)).

خوایە پەنات پێ دەگرین لە بەڵای قورس و گران،

لە ناخۆشی و سەغڵەتی دووروودێژ و بەدوای یەکدا هاتووە،

لە بڕیاری نەخوازراو، لە دڵخۆشبوونی دوژمن و ناحەز پێمان.

٣٢

## پەنا بگرە بە خودا لەم شتانە

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لاَ يَنْفَعُ، وَمِنْ قَلْبٍ لاَ يَخْشَعُ،

وَمِنْ نَفْسٍ لاَ تَشْبَعُ، وَمِنْ دُعَاءٍ لاَ يُسْمَعُ)).

خوایە پەنات پێدەگرم لە چوار شت: لە زانستێک کە سوودی نەبێ،

لە دڵێک کە لێت نەترسێ،

وە لە نەفس و دەروونێک کە پڕ نەبێت و (بێ قەناعەت بێ)،

وە لە دووعا و پاڕانەوەیەک کە نەبیسترێت.

(وەڵام نەدرێتەوە لەلایەن خوای پەروەردگارەوە).

۳۳

## بۆ بەهێزبوونی ئیمان

((اللهم آتِ نَفسي تَقواها وَزَكِّها أَنتَ خَيرُ مَن زكّاها،

أَنتَ وَليُّها وَمَولاها)).

خوایە، تەقوا بەنەفسم ببەخشیت،

وە خاوێنی بکەیتەوە، تۆ باشترینی و کەس غەیری تۆ ناتوانێ پاکی بکاتەوە،

هەرخۆت دۆست و پشتیوان و گەورەی نەفسی منیت.

## ٣٤

### نزاکردن بۆ ئیمانداران

((اللَّهُمَّ اشْفِ مَرْضَانَا، وَارْحَمْ مَوْتَانَا، وعَافِ مُبْتَلاَنَاْ،

وَفُكَّ أَسْرَانَا، وَاجْبُرْ كَسْرَانَا)).

پەروەردگارم شیفای نەخۆشەکانمان بدەیت،

وە ڕەحم و بەزەیت بە مردوەکانمان دابێتەوە،

وە چارەی دەرد و بەلایەکانمان بکە، وە بەند کراوانمان ئازاد بکە، وە ئاوات

و داخوازیەکانمان بۆ بێنە دی.

## ٣٥

## داوای لێخۆشبوون بۆ ئازیزانمان

((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِحَيِّنَا وَمَيِّتِنَا وَصَغِيرِنَا وَكَبِيرِنَا وَذَكَرِنَا وَأُنْثَانَا وَشَاهِدِنَا وَغَائِبِنَا، اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الْإِيمَانِ، وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الْإِسْلَامِ، اللَّهُمَّ لَا تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ، وَلَا تُضِلَّنَا بَعْدَهُ)).

خوایە لە مردوو و، زیندوو و، بچووک و، گەورە و، نێر و مێ و، ئامادەبوو و، غائیبی ئێمە خۆشبە، ئەی خوایە هەر یەکێک لە ئێمەت ژیاند لەسەر ئیمان بمان ژیێنە، هەر هەر کەسێکت مراند لەسەر ئیسلام بیمرێنە.

٣٦

## گەورەی زیكرەكان

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ بِأَنَّ لَكَ الْحَمْدُ لاَ إِلهَ إِلاَّ أَنْتَ وَحدَكَ لا شَرِيكَ لَكَ، الْمَنَّانُ، يَا بَدِيعَ السَّماوَاتِ وَالأَرْضِ يَا ذَا الْجَلالِ وَالإِكْرَامِ، يَا حَيُّ يَا قَيُّومُ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ)).

خودایە داوات لێدەكەم بەوەی كە بەڕاستی ستاییش بۆ تۆیە و، هیچ خودایەک شایستەی پەرستن نییە جگە لە تۆ نەبێت، تاک و تەنیا و بێ هاوەڵی هەر بۆ تۆیە، تۆیت خاوەنی بەخشین، ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەكان و زەوی، ئەی خاوەنی شكۆیی و ڕێز، ئەی زیندوی هەڵسوڕێنەری بونەوەر، من داوای بەهەشتت لێ دەكەم و، پەنات پێدەگرم لە دۆزەخ.

# ٣٧

**هەر کەسێک ئەم زیکرە بخوێنێ لە تەواوی کارەکانی بۆی خێرترە**

((سبحان اللهِ عدَدَ ما خلق، سبحان اللهِ ملْءَ ما خلق،

سبحان اللهِ عدَدَ ما في الأرضِ والسماءِ،

سبحان اللهِ ملْءَ ما في الأرضِ والسماءِ،

سبحان اللهِ عدَدَ ما أحصى كتابُه، سبحان اللهِ ملْءَ ما أحصى كتابُه

سبحان اللهِ عددَ كلِّ شيءٍ، سبحانَ اللهِ ملْءَ كلِّ شيءٍ)).

پاکو بێگەردی بۆ خوا بە ئەندازەی ئەوەی دروستی کردووە،

پاکو بێگەردی بۆ خوا پڕ بەوەی دروستی کردووە،

پاکو بێگەردی بۆ خوا بە ئەندازەی ئەوەی لە ئەرز و ئاسماندایە،

پاک و بێگەردی بۆ خوا پڕ بەوەی لە ئەرز و ئاسماندایە.

پاکو بێگەردی بۆخوا بەئەندازەی ئەوەی لەکتێبەکەیدایە  لەوح المەحفوز

پاکو بێگەردی بۆخوا پڕبەوەی لە کتێبەکەیدایە

# ٣٨

**بۆ دووربوون لە ئاشوبی مەسیحی دەجال، دوای تەحیات خوێندن بڵێ:**

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ،
وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ)).

خودایە پەنات پێدەگرم لە سزای ناو گۆڕ و سزای دۆزەخ و،
ئاشوبی ژیان و، ئاشوبی مردن و، خراپی ئاشوبی مەسیحی دەججال .

## ٣٩

## خودای گەورە زانایە بە هەموو تاوانەکان

((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ، وَمَا أَخَّرْتُ، وَمَا أَسْرَرْتُ، وَمَا أَعْلَنْتُ،

وَمَا أَسْرَفْتُ، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّي،

أَنْتَ الْمُقَدِّم، وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ)).

خودایە خۆش ببە لەو تاوانانەی، کە وا پێشم خستوە و،

پاشم خستوە و نهێنی و ئاشکرا و زیادەڕەوی و ئەوانەش،

کە وا تۆ زاناتری پێی لە من، بە ڕاستی تۆ پێشخەر و

دواخەری هەموو شتەکانیت، هیچ پەرستراوێکیش نییە،

کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە تۆ .

٤٠

## نزای چەمینەوە ڕوکوع

((سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي)).

ئەی خودای پەروەردگارمان پاک و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ تۆ،

خودایە لە گوناهەکانم خۆشببە .

((سُبُّوحٌ، قُدُّوسٌ، رَبُّ الْمَلاَئِكَةِ وَالرُّوحِ)).

پاکی و بێگەردی و بێکەم و کورتی بۆ ئەو زاتەی،

کە پەروەردگاری فریشتەکان و جیبرەئیلە .

٤١

## نزای دوای تەواوبوونی بانگ

((اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ، وَالصَّلاةِ الْقَائِمَةِ،

آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ،

وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدتَّهُ )).

خودایە پەروەردگاری ئەم بانگەوازە تەواو و بێ کەم و کورتییە،

کە بریتیە لە بانگەوازی .تەوحید ، خاوەنی درودی بەردەوام،

ببەخشە بە پێغەمبەر موحەممەد .صلی اللە علیە وسلم پلە و پایەی بەرزی

.الوسیلة. پلە و پایەیەکە لە بەهەشتدا هەروەها .الفضیلة

.کە پلەیەکە تەنیا بەیەک نەفەردەدرێت لە ڕۆژی دواییدا

ئەویش پلەی شەفاعەتە هەروەها ببەخشە پێی ئەو شوێنە بەرز و باشەی،

کە بەڵێنت پێداوە . [إِنَّك لا تُخْلِفُ المِيعادِ] .

٤٢

## زیکری دوای دەست نوێژ

((اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ)).

خودایە بمگێڕە لە بەندە تەوبە کارەکان و، بەندە خۆ پاککەرەوەکان .

٤٣

## نزای کوڕنوشی قورئان خوێندن

((سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ بِحَوْلِهِ وَقُوَّتِهِ، فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ)).

ڕووم کوڕنوشی برد بۆ ئەوەی، کە درووستی کردووە و، بیستن و بینینی بۆ بەدی هێناوە، بە دەسەڵات و توانای خۆی، پاکی و پیرۆزی بۆ خودای چاکترینی بەدی هێنەران.

٤٤

**ئەو دوعایەی پێغەمبەر یونسی (علیه السلام)**
**لە تاریکییەکان ڕزگار کرد، هەموو ئیمانداریک ڕزگار دەکات**

((لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ)).

هیچ پەرستراوێك نییە، کە شایستەی پەرستن بیت جگە لە تۆ،

پاك و بێگەردی بۆ تۆ خوایە گیان بێگومان من لە ستەم کارانم.

## ٤٥

### نزای یەکتاپەرستی

لا إلهَ إلاَّ اللَّه وحْدهُ لاَ شَرِيكَ لهُ، لَهُ المُلْكُ، ولَهُ الحمْدُ، وَهُو عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ

هیچ پەرستراوێک نییە، کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە (الله)ی تاکی بێ هاوەڵ نەبێت، موڵک و سامانەکان و ستایش بۆ ئەوە، ئەویشە، کە بە توانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

# نــاوەڕۆك

(فەزڵ و گەورەیی زیکر)........................................................................ ٦
سەروەر و نوری چاومان ﷺ دەبارەی دوعا و پاڕانەوە دەفەرمووێت ........................... ٧
خۆشەویسترین دوو وشە لای خودای گەورە ................................................ ٨
تەنها پشت بە خوا ببەستە ............................................................ ٩
خودایە دەستم لێ بەرمەدە ............................................................ ١٠
تاکە هێز و فەرماندەرێک خودایە.......................................................... ١١
نزای هەموو بەیانییەک ............................................................ ١٢
تەنیا خودای گەورە شایەنی پەرستنە ................................................ ١٣
پێغەمبەرمان ﷺ لە دوای هەموو تەحیات خوێندنێک لە نوێژدا ئەم زیکرەی دەخوێند. ١٤
کلیلی دەرگا داخراوەکان ............................................................ ١٥
ڕازیم خودا پەروەردگارم بێت ........................................................ ١٦
نزای عاقیبەت خێری.......................................................................... ١٧
گەورەیی پەروەردگار.......................................................................... ١٨
خوایە پارێزراومان بکە ............................................................ ١٩
داوای لێخۆشبوون لە گوناهی نهێنی و ئاشکرامان ........................................ ٢٠
دوعای خۆ پارێزی لە نەخۆشی.......................................................... ٢١
بۆ ئاشتەوایی نێوان موسڵمانان.......................................................... ٢٢
نزای دڵتەنگی و خەم و خەفەت ...................................................... ٢٣
پێغەمبەر لەکاتی غەم و ناخۆشیدا دەیفەرموو:.............................................. ٢٤
پێغەمبەرمان کاتێک کارێکی لەسەر گران و قورس دەبوو دەیفەرموو.................... ٢٥
بۆ دڵ چەسپاوی لە دیندا.......................................................... ٢٦
بەکەم سەیرکردنی دونیا.......................................................... ٢٧
گەورەی دوعا و پاڕانەوە ............................................................ ٢٨

بۆ ئیمان پاکی و سەلامەتی ........................................................ ٢٩
پێغەمبەرمان ﷺ لە دوای هەموو نوێژێک ئەم دوعایەی بۆ ئومەتەکەی دەکرد ........... ٣٠
کاتێک تاوانێکت ئەنجامدا.......................................................................... ٣١
بۆ قەناعەت بوون بەو بەشەی خوا پێی داوی.................................................. ٣٢
کاتێک خوتورەی بێباوەڕی بەدڵتدادێت بڵێ................................................... ٣٣
ئەم دوعایە هەرکەسێک سێجار بیخوێنێت بەهەشت داوا لەخوادەکات کە بیخاتە ناوی.... ٣٤
زۆرترین زیکرێک کە پێغەمبەرمان دەیخوێند.................................................. ٣٥
هەرکەسێک بیخوێنێ بەهەشتی بۆ مسۆگەرە .................................................. ٣٦
پەنا دەگرم بە خودا لە نەمانی نیعمەتەکانی لەسەرم............................................ ٣٧
پەناگرتن بە خودا لە بەڵا و موسیبەت ............................................................. ٣٨
پەنا بگرە بە خودا لەم شتانە ........................................................................ ٣٩
بۆ بەهێزبوونی ئیمان ................................................................................ ٤٠
نزاکردن بۆ ئیمانداران .............................................................................. ٤١
داوای لێخۆشبوون بۆ ئازیزانمان.................................................................. ٤٢
گەورەی زیکرەکان .................................................................................... ٤٣
هەر کەسێک ئەم زیکرە بخوێنێ لە تەواوی کارەکانی بۆی خێرترە.......................... ٤٤
بۆ دووربوون لە ئاشوبی مەسیحی دەجال، دوای تەحیات خوێندن بڵێ: ..................... ٤٥
خودای گەورە زانایە بە هەموو تاوانەکان........................................................ ٤٦
نزای چەمینەوە ڕوکوع.............................................................................. ٤٧
نزای دوای تەواوبوونی بانگ ...................................................................... ٤٨
زیکری دوای دەست نوێژ........................................................................... ٤٩
نزای کوڕنوشی قورئان خوێندن.................................................................. ٥٠
ئەو دوعایەی پێغەمبەر یونسی (علیه السلام) لە تاریکییەکان ڕزگار کرد، هەموو ئیماندارێک ڕزگار دەکات .......................................................................... ٥١
نزای یەکتاپەرستی.................................................................................... ٥٢